# ئێستاجیهان تاریك‌وترسناك دەبینم, بەڵام بڕوام بە ئایندەی مرۆڤایەتی هەیە.

## بڕوام وایە بیری فەلسەفی ماركس دێتەوە ناوژیان, ئەوڕۆژەی مرۆڤایەتی دەیەوێت مرۆڤانە بژی.

**عومەرمحەمەد**

هەموومان كۆكین لەسەر ئەوەی كەهەرەسی بلۆكی یەكێتی سۆڤییەت, وەرچەرخانێكی گەورەبوولە جیهاندا, بەڵام ناكۆكییەكی زۆریش هەیە لە سەرئەوەی هەرلەبنەڕەتەوە شوورەوی سوسیالیزم بووبێ, من بۆخۆم بڕوام وانیە ئەوەی لەیەكێتی سۆڤیەت بەرێوەچوو, ئەوەشی كە ڕووخا سوسیالیزم بوو, نەخێر ئەوەی كەبەناوی سوسیالیزمەوە لەرووسیا دەسەڵاتی بەدەستەوەبوو, فۆرمێكی تری سەرمایەداری بوو, كەنەك هەربێ خەوش نەبوو, بەڵكوو دزێویەكانی‌وهەرسهێنانیشی بەقازانج بۆئایندەی سۆسیالیزم دەگەڕیتەوە, لەوەش واوەتر دەتوانم بڵێم هەرەسی شوورەوی نەك هەرگورزێك نەبوو بەرسوسیالیزم كەوت, بەڵكو كۆسپێك بوو لەبەردەم سۆسیالیزمداوسەرمایەداری بەدەستی خۆی لایبرد! ڕووخانی شوورەوی دواجارمرۆڤایەتی دەخاتەوە بەردەم بەرپرسیاریتیەكی ترەوەو زەرورەتێكی گرنگتری دەخاتە ئەستۆ, كێ دەتوانێ ئاماژەیەكمان لەسەرئەوە بداتێ, سۆڤیەت دەستی هەبووە لەبنیاتنانی سوسیالیزمدا؟ نەخێر, ئەویش هێندەی وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا باڵانسی بازاری ڕادەگرت‌ودەستگیرۆیی دیكتاتۆرەكانی جیهانی سێهەمی دەكردوهاوسەنگی جەنگەكانی دەپارست‌وواقعی بەئاراستەی بەرژەوەندیەكانی ئیمپریالیزمدا بەرهەمدەهێنایەوە, ئەوەی ئاوڕی لێنەدەدایەوە مەودای زەروورەتەكانی سۆسیالیزم‌وسڕینەوەی پەیوەندی‌یەكۆمەڵایەتیەناشرینەكانی‌سەرمایەداری بوو, ئەوەی هەنگاوی بۆنەدەنا ڕووخانی كۆمەڵگای چینایەتی‌وگەیشتن بوو بەسۆسیالیزم, ئەوەی بەرهەمی دەهێنایەوە گەندەڵیەكانی دەوڵەت بوو, من هەمیشە لەسەر ئەوباوەڕەی لینین دەمێنمەوە كەدەڵێت: (حكومەتی سوسیالستی ناڕووخێ بەڵكو ووردەوردەبەرەو پووكانەوە دەچێت, بەمەش كۆمەڵگا پێدەهاوێتە قۆناغێكی نوێ) بەڵام هەرزوو پێشێلكردنی ئازادیەكانی مرۆڤو چڕبوونەوەی دەسەڵاتەكان لەدەستی حزب‌وحكومەتداوتێكەڵ كردنی دەسەڵاتی حزب‌وحكومەت, سیفەتی سۆسیالستیان بەیەكێتی سۆڤێتی جارانەوە نەهێشتبووهەتا بەرەوكامڵ بوون بچێ,ئەو حكومەتە پێنەگەیشت‌ونەپووكایەوە, بەڵكوو ڕووخا بەڵام لەڕووخانیدا كریكاران ئاخێكیان بۆهەڵنەكێشا!؟ ئەمەپرسیارێكی گرنگە بۆچی كریكارانی ڕوسیا خەمیان بۆ روخانی شوورەوی لەبەرنەبوو؟! هەرگیز بڕوام وانیە دیكتاتۆریەتی حزب‌وحكومەتی سۆڤیەتی جاران

دیكتاتۆریەتی پرۆلیتاریابوبێت, بەڵكو ئەوكردەوانەی ئەو هەوڵێكی ئاشكرای سەرمایەداری بوون بۆئەوەی ڕەوایەتی دكتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بخاتە ژێرپرسیارەوە, بیخاتە بەردەم گومانێكی مێژووییەوەودزێوی بكات, لەمەش خراپتر مرۆڤایەتی دڕدۆنگ‌ونائومێد بكات لەشۆڕش‌وساردیان بكاتەوە لەگۆڕانكاریە پێویستەكانی رۆژگاری‌داهاتوو, هەل‌ومەرجێك بخولقێنێ كە مرۆڤ لەبری ئەوەی بەدوای ڕێگاكانی ئازادیدا بگەڕێت بەپێچەوانەوە بەدوای ریگایەكدا بگەڕێت لیوەی‌لەئازادی رابكات, یانبەلایەنی كەمەوە گرنگی پێنەدا.نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت كەكۆمۆنیستە رووسەكان‌وحكومەتی بەناوسوسیالستی روسیاش هیندەی ناوەندەكانی سەرمایەداری و ڕووناكبیرە خۆبەدەستەوەدەرەكان, گوناهبارن لەچەواشەكردن‌وشێواندنی بیری ماركسدا, بەهەرحاڵ شوورەوی ڕوخاو دیموكراسیەتیش هەرلەبەرابییەوە تەپڵی نابووتی خۆی لێداو لەسایەیدا مرۆڤایەتی هیچ كام لەوەعدوبەڵێنەكانی سەرمایەداری نەبینی, ئەوەی كەبۆی ئاشكرابووبەشێوەیەكی شەفافتر بینینی رووخسارەدزیوەكەی سەرمایەداری بوو, دزیویەكانی پیش جەنگی ساردوو دوای ئەویش, هەموو ئەو شەڕووشۆڕانەبوون كەسەرمایەداری خۆی هۆكاری هەڵگیرساندنیانە, ئەوەی كە دەبێت مرۆڤایەتی بۆی بگەڕێتەوە, بنیادنانەوەی خۆیەتی, گەڕانەوەیەتی بۆسرووشتی مرۆڤانەی خۆی, نەك جوانكردن‌وئارایشتدانەوەكانی سەرمایەداری, ئەوەی كەدەبێت مرۆڤایەتی موماردەسەی بكاتەوە ئازادیە, ئەو زەرووەتەیە كەمرۆڤایەتی پێوەبەندە, ئەوەی كەدەبێت خۆی لەسەر ڕێكبخاتەوە یەكسانییە, ئەوسیستەمەی هەموو تیایدا مرۆڤن‌وهەموو وەك یەك هەقی ژیانیان هەیەو هەموو وەك یەك كەرامەتی مرۆڤانەیان تیایدا پارێزراوە. گەڕانەوە بۆماركس زەرورەتێكە لەژیانی مرۆڤدا ئەولەوییەتی هەیە, بەڵام ئەمە ئەوەناگەیەنێت جارێكی تر شۆڕشی ئۆكتۆبەر پراكتیزە دەكاتەوەو سەرلەنوێ خۆی تۆشی شكستێكی تردەكاتەوە, مرۆڤایەتی هەمیشە پیوێستی بە ئازادیە, هەروەك ماركس هەمیشە جەختی لەسەركردووە, مەبەستی ماركس لە رزگاری كریكارانداكورت نابێتەوە, وەك هەندێك مەبەستدارانە گوزارشتێكی واچەوتی لێدەكەن, بەڵكو مەبەستی ماركس مەبەستی رزگاركردنی هەموو مرۆڤایەتیە, تەنانەت سەرمایەدارانیش لە چاوچنۆكی.

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیاری یەكەمیش بروام وایەمرۆڤایەتی غەدرێكی گەورەی لەخۆیكرد, كاتێك بینی ئەو غەدرانەی بەسەردا تێدەپەڕی كە بەسەرماركسی مرۆڤدادێن, چونكەكەسایەتی (ماركس)یش هێندەی تێورە فەلسەفیەكانی دووچاری هێرشی دڵڕەقانەی ئەو زاناوكۆمەڵناس‌و ڕۆژنامەنووسە نا مەسئوولانە بووەتەوە كە مشووری ئایندەی مرۆڤایەتیان لەبەرنەبوو, درۆكردنیان بەناوی ئازادییەوە خستە پێش بەها گرنگەكانی مرۆڤەوە, بەتایبەتی كەبینییان, ماركس یاسای تایبەت بەشێوەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریو زێدەبایی دۆزییەوەوپەردەی لەسەرئەوتەمومژە لادا كە جوولانەوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری قازانجی تێدا دەكاتە

ئامانجومرۆڤی تێدا لەمرۆڤایەتی دەخاو دەیگۆڕێتە سەر ئامێرێك یان تۆپەڵە گۆشتێكی زیندوو بەسەر ئامێرەكانی بەرهەمهێنانەوە, ماركس هەمیشە لەزەتێكی سەرسووڕهێنەری لەدۆزینەوەی زانستدا دەكرد, ئەمەش یەكێكە لەخەسڵەتەگرنگەكانی ئینسان, هەموومان كۆكین لەسەرئەوەی كە سەرمایەداری هەموو خەونەكانی لەپێناوی قازانجدایەو لەم پێناوەشدا ئامادەیە نەك ئێستا, بەڵكو ئایندەش وێران بكات, سەرمایەداری لەڕێگەی قازانجی بەردەوامو هەڵپەی تەماحكارانەی خۆی بۆقازانج, ناچارە ڕێگاكانی خۆشی بەرەو فاشیەت هەموار بكاتەوە, بەڵام مرۆڤایەتی تاسەر لەناو ئەوهەلومەرجە سایكۆلۆژیەدا نامێنێتەوە,كە ئامادەبێیت هتا هەتایە ئازادیەكانی خۆی بدۆڕێنێ, نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت كە مرۆڤایەتی قۆناغی گەورەی بڕیوەو لەمێژوودا لەپێناوی ئازادیدا جەنگاوە, ئازادی زەروریەتێكە دەبێت بەدەستی بهێنێتەوە, دەبێت بیر لە دۆزینەوەی ڕیگایەك بكاتەوە كەلەبەشتبونەوە بگەڕێتەوە سەرخەسڵەتی ئینسانیانەی خۆی, مرۆڤایەتی دیسانەوە خۆی دەدۆڕێنێ, ئەگەر ئامادەنەبێت بەرووی نامۆبوونی خۆیدا راچڵەكێت, بەڵام بە زیادە ڕۆیی نازانم كە بڵێم مرۆڤایەتی كاتێك گلۆڵەی كەوتە لێژی كە دەستبەرداری تێگەیشتنەكانی ماركس بوولەبارەی ژیانەوە, غەدرێكی گەورەی لەخۆی كرد كەهەموو ئەو ئازادیانەی دۆڕاندكە پێشتر لەسەدەكانی ڕابووردوودا بەدەستی هێنابوون, ئەودەستكەوتانەی تەسلیم كردنەوەوبەهەندی نەگرتن, ئومێدەكانی لە شۆڕشەكانی پێشوودا كورتكردنەوەولەسەرمایەداری دەوڵەتیدا لەگۆڕی نان, دەمێكە دەروونشیكارێكی مەزنی وەك وولهێلم ڕایش تووڕەیی خۆی لەملایەنە,لەم خەمساردیەی مرۆڤ , دەربڕیووەوبەڕووی‌دا هاواری كردوو ووتی:( ئەی مرۆڤ ! تۆشەرم لەوەناكەی لەنێوان تێگەیشتنو گەمژەییدا دووەمیان هەڵدەبژێری؟ شەرم لەوەناكەی لەنێوان ئەڤینوشەڕانگێزیدا شەڕانگێزیتوخۆشەویستی ئەتك دەكەیت, تۆ دەزانیت چەندە دژی خۆتی؟ كاتێك لەنێوان دیكتاتۆری پرۆلیتاریای لینینودیكتاتۆریەكەی ستالیندا دیكتاتۆریەكەی ستالین هەڵدەبژێری!! شەرم ناتگرێ؟ كاتێك مەسیح دەپرستی‌وبۆ خۆشت نەزەریك بەڕەوانازانی؟! من ئایندەت خراپ دەبینم )* هەڵبەت ئەم تووڕەبوونانەی ڕایش لێوان لێوون لە ئینسانیەتو تێڕامانی قووڵیان دەوێ, هەرگیز تۆوی نائومێدی ناچێنن, بەڵكو ئینسانیەت بنیاد دەنێنەوە, دەتوانین بەشێوە سادەكەی ئێمە ئەو ڕاڤەیە بكەینو لەبری ڕایش بەمرۆڤ بڵێین: چ مەرگەساتێكە تۆ لە قاڵبە ووشكوبرینگە نائینسانیەكاندا لە هەموو بەهایەكی ئینسانی ڕووتبكرێیتەوەو بەرگێكی ئەخلاقی تەنگەبەری وات لەبەر بكرێت كە بەئاستەم وەك بووونەوەرێكی هۆشمەند بناسرێیتەوە!! ئەمە چەندە پەیووەندی بەمرۆڤەوە دەمێنێت كە تۆ مەسیح بپەرستی؟ دایكی مەسیح بپەرستیو نوێژی بۆبكەیتو لێی بپاڕێیتەوە, كەچی ناپرسیت بۆچی ئەوبەبێ ئەوەی مێردی كردبێت بەمەسیحی پێغەمبەر ئاوس دەبێت؟ بەڵام تۆ لەبەر ئەوەی بیركردنەوەت ئیزنداوە, بەخۆتی ڕەوانابینی بە

ئارەزووی دڵی خۆت تەماشای جوانی سرووشت بكەیت؟ تەماشاكردنی‌كچە دراوسێكەت لێدەبێتە گوناهـ, ئەمە چ پەیامێكە؟ چ تاریكستانێكە بۆ تۆ ئەی‌مرۆڤ؟ تۆ ئاڵوودەی بەپەرستن, نەك بەتێفكرین, ئەوەتا هەرمەسیحی پێغەمبەریشە پێت دەڵێت خۆت مەدۆڕێنە( بەچی‌دەچێت هەموو جیهان بەریتەوە, بەڵام خۆت بدۆڕێنی)

ئێمەی مرۆڤ ئەمڕۆ لەهەمووكات زیاتر بۆ ئەوەی لە گرنگی خۆمان تێبگەین, بۆئەوەی ئینسانیەتی خۆمان بنیاد بنێینەوە, پێویستمان بەوەیە ئینسانیانە تەماشای خۆمانو دەوروبەرمان بكەینو پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانمان لەسەربناغەی خۆشەویستی هەڵچنینەوە, لەم بارەیەوە بیری فەلسەفیانەی ماركس هاوكارییەكی مەزنی لەتواندایە بۆ مرۆڤایەتی, ئەگەرچی ئەخلاقیاتی باوی سەرمایەداری كارێكی لە ڕادەبەدەر چەواشەكارانەی دەرهەق بەماركس كردووە, بەڵام ئەوە زۆر ئەستەم نیە كە مرۆڤایەتی ئاوڕی لێبداتەوە, چونكە سەرمایەداری هیچ كاتێك بەقەد ئەمڕۆ دانەخزاوەتە ناودنیای فەسادەتەوە, ئەو سەرتاپای لەدرۆیەكی گەورەدا نوقم بووە, بەتایبەتی كاتێك ڕووخانی شورەوەی زادەی هەمان منداڵدانی خۆی ئەونیزامە عەسكەرتارەی نمونەیەك لە خودی خۆی‌ودیوی دووەمی سەرمایەداری‌بوو بەناوی سوسیالیزمەوە دەكوژێ‌و شایی مەرگی بۆ دەگێڕێ, لەكاتێكدا ئەو ئاهەنگی مەرگی سوسیالیزمی گێراو پرسەكەی تەواو بوو, بەڵام هێرشەكانی بۆ سەرمرۆڤ بەردەوامن, درۆكانی لەمەڕ دیموكراسی‌و مافی مرۆڤ شاخدارترن, دكتاتۆرەكان لەبەرگی دیموكراسیدا چاوویان زەقترەو دەستیان بەخوێنی خەڵك هەر سووردەچێتەوە, ئەوەتا گەمەكانی سەرمایەداری هێندە گەوجانە بەڕێوە دەچن, مەگەر بۆكەسێك هەر خۆی لەڕاستیەكان گێل بكات, دەنا ئەوەندە بەسە هەڵوەستەیەكی جدی بكەین, دەبێت ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ بۆچی بن‌وبایەخیان چی بێت؟ ئەگەر مرۆڤایەتی لەبەردەم هەڕەشەی پیاوە دیموكراسیەكانی پاش ڕووخانی (سوسیالیزم)دانین؟! ئەی ئەو ڕێكخراوانەی سەرمایەداری خۆی قووتی كردوونەتەوە, دەبێت چیان لەتوانادابێت‌وكام دەسەڵاتی پێشێلكەری مافی مرۆڤ لەسەركار لابەرنو كام دەسەڵاتی مرۆڤدۆستانە بەخەنە جێگەی؟! من پێم وانیە مرۆڤایەتی تاسەر خۆبەدەست ئەم گەمە جادووگەریانەی سەرمایەدارییەوەبدات, تۆبڵێیت مرۆڤایەتی بەتەواوی دەستی لەمرۆڤ بوونی خۆی شۆردبێ‌وئەو بەكاڵابوونە تاسەر قبووڵ بكات؟! بەشبەحاڵی خۆم هێندە بێئومێدنیم لەتوانای مرۆڤ چونكە سەرمایەداری ناتوانێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی مرۆڤایەتی خۆی بگونجێنێ, بەپێچەوانەوە ئەوەمرۆڤە خۆی لەگەڵ سوڕی هەڵخەڵتێنەرانەی سەرمایەداری گونجاندووە, ئەوەمرۆڤە ئومێدەكانی ماندووبوون‌وگەمەی پیاوەماسكدارەكانی لەچەشنی ستالین وەڕسیانكردووەو ئومێدەكانیان ئەمڕۆبۆ سبەی كورت دەكەنەوە, بڕوام وایە پێداویستیەكانی مرۆڤ لەدنیای سەرمایەداریدامسۆگەر نابن, بۆیە مرۆڤ بەناچاری دەبێت بیر لەسیستمێك بكاتەوە لەگەڵ سرووشتی ڕاستەقینەی خۆیدا بگوونجێت, لە چاخە كۆنەكانەوە هەتا ئەمرۆش ئاینەكان

بەشێوەیەکی شموولی هاوارهاواریانەودەڵێن: چاکەبکەو خەراپە مەکە! هەمووشیان لەگەڵ بیری فەلسەفیانەی مارکس ناکۆكو دژن, بۆیە رۆژێك مرۆڤایەتی دێتە سەرئەوقەناعەتەی بەجدیەتێکی زیاترەوە ئەو پرسیارە بکاتو بپرسێ ئایا هیچ خراپەکاریەك لە یەکسانی داهەیە؟ هیچ شتێك هەیە لەیەکسانی چاکتر بۆمرۆڤایەتی؟ ئەمرۆش کە لیبرالیزمی نوێ هەمان ئەو تێزەکۆنە لەبەرگێکی تردا دێنێتەوە مەیدان, گەرەکێتی بەشێوەیەکی دووڕوانە بجولێتەوەوئەو پرسیارە لەکۆڵ سەرمایەداری بکاتەوە, ئەولەلایەك دژایەتی یەکسانی دەکاو لەلایەك باس لەئینسانیەت دەکات! بەڵام خۆی لەوپرسیارە گرنگە گێل دەکات, کە ئینسان بەبێ یەکسانی, ئینسانیەتی خۆی لەدەست دەدات, ئینسانیەت بەبێ ئازادی چ واتایەکی بۆدەمێنێتەوە؟!

بیری فەلسەفی مارکس ڕەگێکی قووڵی لەزانستدایە, بەشێوەیەکی کاریگەر سنوور بەندی لەگەڵ کۆنەپارێزیداکردووەو سازشی لەگەڵ ناکات, بیری فەلسەفی مارکس, هەمیشە خەسڵەتی نوێخوازی خۆی دەپارێزێ, ئەی خۆلەخۆڕاییی‌نیە ئەوانەی دەیانەوێت بیروفەلسەفە کۆنەکان زاخاوبدەنەوە, خۆیان لەخوێندنەوەی مارکس دەپارێزن, چونکە ئەوان لەبنە ڕەتدا نوێخوازنین, ڕاستە لە ڕادەبەدەر خۆیان بە نوێخوازیەوە سەرقاڵ کردووە, بەڵام ئەوان چەمکی نوێخوازیش بەدەردی چەمکی ئازادی دەبەن, بەناوی ئازادیەوە ئازدی ئەتك دەکەن, ئەوەی زۆرمایەی هەڵوەستەکردنە بۆمن, پرسیارێکەوهەمیشە ئامادەیە: چۆن دەکرێت هێزێکی ئازادیخواز,کەسێکی ئازادیخواز دژایەتی کردنی فەیلەسووفێکی گەورەی وەك مارکس؟! لەیاد بکات؟ لەکاتێکدا مارکس یەکەم فەیلەسووفە مەسەلەی ئازادی خستۆتە قاڵبێکی فەلسەفیەوەوتەمەنی خۆی بۆتەرخانکردووەوجەختی بێسنووری لەسەر ئازادی مرۆڤایەتی کردووە؟! لەوەش سەیرتر ئەوانەی لە هەربۆنەیەکدا وبەبەردەوامی بەناوی کرانەوەوئازادی بێسنوورەوە دژایەتی مارکس دەکەن, هەرئەوانەن, نەك هەرلەگەڵ هێزەتۆتالیتارەکان, بەڵکوولەگەڵ هێزەتاریکەکانی تیرۆریشدا سازش دەکەنو نەرمی دەنوێنن! ئەوان خەریکی پینەو پەڕۆکردنی هەلومەرجێکن بە بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ نامۆیە, ئەوانە دەخوازن مارکسو بیری فەلسەفی ئەو چەواشەبکەن, بەومەبەستەی جوانی بەشێوەیەك پیناسە بکەنەوە, کەلەخەیاڵی جوانناسی مارکسی مرۆڤەوە دورە, ئەوانە خەریکن رۆمانسیەتی مرۆڤیش دەخەنە خانەی حەرامو‌حەلاڵەوە,جونکە لەبنەڕەتەوە ئەوانەی کۆنەپارێزن چێژلەجوانیش نابینن‌ودژایەتی دەکەن. تۆ تەماشای ڕیکالامە بازرگانیەکان بکە, بزانە چۆن مرۆڤی تێدادەکرێتە کالاّ؟ بزانە مرۆڤ چۆن داهێنانی هونەریانەی لەپێناوی بازڕدا پاواندەکرێو ووزەی هونەرییانەی هەڵدەلوشرێ؟! لەبیری فەلسەفی مارکسدا هیچ شتێك لەبەهای مرۆڤ گرنگ ترنیە, بەڵام سەرمایەداری سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەگۆڕێتە سەر سرووشتی کالاّو گۆڕینەوەو بازاڕی پێگەرم دەکات, خراپترین کالاّی بەرهەمهاتوو, وێنەی جەستەی مرۆڤی دەخاتە سەروو

بەهۆیەوە بازاڕی بۆگەرم دەکات, مرۆڤایەتی قەرزاری مارکسە, هەروەك مارکسیش وەك مرۆڤێکی هۆشمەند خۆی بەقەرزاری مرۆڤایەتی زانیووە, بۆیە لەپێناوی مرۆڤایەتیدا تێکۆشا وخەمساردانە ژیانی نەگووزەراند, مرۆڤ بۆئەوەی ئاسوودەیی بپچڕێت دەبێت بگەڕێتەوە سەر سرووشتی ڕاستەقینەی خۆی, بگەڕێتەوە بۆ ئەوئیستاتیکایەی مارکس لەبارەی مرۆڤوژیانو داهێنانەکانی مرۆڤایەتیەوە گوزارشتی لێکردوون, کەئەمە دەڵێم هەرگیز مەبەستم ئەوە نیە مارکس بپەرستین, وێنەی فریاد ڕەسێکی پێغەمبەرانەی پێببخشین, نەخێر مرۆڤ بەتێگەیشتن لەخەسڵەتی مرۆڤانەی خۆی دەتوانێ خۆی بنیاد بنێتەوە, زانستوهونەروهەموو داهێنانەکان بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆیو لەخزمەتی خۆیدا بەکاریان بهێنێتەوە, مرۆڤایەتی بەگەڕانەوەی بۆمارکس رزگاری نابێت, ئەگەرمارکس وەك مرۆڤێکی رۆشنگەر تەماشانەکات, ئەگەر بەچاوی ڕەخنەگرانەوە لەمارکس نەڕوانێ.

هیچ جێگەی سەرسوڕمان نیە کە کەسانێك تۆمەت دەخەنەپاڵ مارکس لەوانەبن کەحەزبەهەڵخەڵەتاندنی خۆیانوکەسانی تریش دەکەن, ئەوکەسانە ناچار وەك کاردانەوەیەکی ناوەوەی ئەم ڕەفتارانەی خۆیان دەستەواژەی خۆبەزل زانونەرجسیەتو دەسەڵاتخواز...هتد دەدەنە پاڵ مارکس.جا ڕەنگە ئەوکەسە کۆنە کۆمۆنیستێك بێت کە سەری بەسازی خەیاڵ پڵاوی خۆی گەرم بێو واهەستبکات کەس نیە لە نیەتومەرامی خۆبەدەستەوەدەرانەی ئەو تێبگات, ئەو ناوێرێ یان توانای ئەوەی نیە ڕەخنەی جدی لەمارکس بگرێت دێت لەکۆمۆنیزم پەشیمان دەبێتەوەو دەیەوێت لەژێر دەوارە پڕ لەچەوسانەوەکەی سەرمایەداریدا بۆ بەختیاری مرۆڤایەتی بگەڕێ! لەڕاستیدائەوهەرلەبنەڕەتەوە بۆ بەختیاری ناگەڕێت بەڵکو وێڵە بەدوای برویانوو هێنانەوەدا بۆنەبوونی بەختیاری, هەربۆیەشە نمونەی ئەمجۆرەکەسانە ئەوانەن کەدەگەڕێنەوە بۆتاووتوێکردنەوەی سۆسیالیزمەکانی بەرلەمارکس !! ئەو برویانوو بۆ سەرمایەداری دێنێتەوەو دەچێت لەبەرەبەیانی سەرهەڵدانی چینایەتیەوە بۆ یەکسانی دەگەڕێت! بەڵام وەك دەڵێن بەردی زل نیشانەی نەهاویشتنێتی, من ئەمجارەش ئەوە دووبارە دەکەمەوەو دەڵێم : مرۆڤ ئەگەربۆیەك چرکەساتیش خواستی یەکسانی هەبێت,دەبێت لەگەڵ بیروباوەڕی مارکس هاوسۆزبێتو ڕەخنەگری جدی نیزامی سەرمایەداری بێت, هەروەك حەمیدی تەقواییش دەڵێت :( یان دەبێت ڕەخنەگری ڕیشەیی سەرمایەداری بیت یان دەبێت سەرمایەداری بەهەموو گەندەڵیەکانیەوە قبووڵ بکەیت). یەکێك لە بڕوبیانووە بێسەرووبەرەکانی هەموو دوژمنانی یەکسانی ئەوەیە, کەبیری فەلسەفی مارکس چەواشە دەکەنولەوەش خراپتر مارکس بەهەندێك دەستەواژەی ناشایستەو تەنانەت وەك دیکتاتۆروستەمکاریش تاوانباری دەکەن, بەڵام سەیروسەمەرەکە لەوەدایە هەموو ئەوانەی نان لەسەرئەم قسە پرووپووچانەدەخۆن, خۆیان یان ئەندامی حزبە

دەسەلاتخوازوو دیكتاتۆرەكانن یان بەكریگیراووی دامودەزگا بیروكراتو تۆتالیتارەكانن‌و بەناوی خەڵكانی بێلایەن‌و ئازادەوە, لەسەرتەوەرەی بەرژەوەندیەكانی دامودەزگا ئەعلامیەكانی سەرمایەداری خول دەخۆن, دەست دەبەنەوە بۆهەموو چەمكە خورافی‌ومیتافیزیكیەكان‌وبەناوی نوێخوازی‌وتازەگەرییەوە, ئاولەئاشە كۆنەكانی‌ستەمكاری دەكەنەوە. هەڵبەت هەموو ئەمانە ناتوانن بۆ هەتاهەتایە لەسەر ئەم نەغمەیە مووەفەق بن, هەروەك هەتا ئێستاش مووەفەق نین, چونكە ئەوانەهەرچەندەبانگەشەی تازەگەریش بكەن, ناتوانن دەستبەرداری دیووی ناوەوەی كۆنەپارێزانەی خۆیان بن, ناتوانن ناخی كۆنەپەرستانەی خۆیان تاسەر لەئێمە بشارنەوە, ناتوانن ئەوحقدە فەرامۆش بكەن لەكەسانێك كەهەڵگری واتاكانی‌داهێنان‌وژیانن , یان هەڵگری واتاكانی ئازادی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتین, هەروەك دەبینین فەیلەسووفێكی تازەگەر! لەكوردستان چونكە بڕوای بەتەقینەوەی تواناكانی خۆی نیەلەڕێگەی كارایی‌وبەرهەمهێنانی ژیانەوە, سەرەنجام دژایەتی ژیان هەڵدەبژێری‌وگوێڕایەڵی چەند قووتابیەیەكی بێپرسیاربەسن بۆئەوەی غرووربی‌و بخوازێت بەلەشكرێكی بەزیوەوە, شەڕی ئەنجام نەدراوی سەدەی رابووردوو هەڵگیرسینی! ئەو ماركس بە ستەمكاروكۆنەپارێزێكی نەرجسی ناودەبا , كەچی خۆی هێندە نەرجسیانەو غرورانە دێتەپێشەوە, داوامان لێدەكات دەستبەرداری (تێزوفەلسەفە پڕلەستەمكاریەكانی ماركس )بین‌و میرزاوعارف بكەینەوە ئەڵتەرناتیڤ! لەكاتێكدا خۆی لەوە گێل دەكات كەئەوە بەچكە چەواشەبووەكانی میرزاوعارفی سیستمە فیكریەكەی ئەون كوڕی سەردەمێكی بەسەر چوون بەهەمان فكروو ڕووخساری ڕابووردووەوە هاتونەوەودەیانەوێت وەك كوڕی ئەم سەردەمە خۆیان بەئێستا بناسێننەوە! ڕیش بەردەدەنەوەو بەچەقۆیەكی كولەوە لەنێوبازاڕوخیابانەكانی عێراقی پاش بەعسدا خەریكی سەربڕینی مرۆڤن! وەها فەیلەسوفێك كەخودی خۆی لەقەیرانێكی قوڵی ئینساندۆستیدایەو تێدەكۆشێ سەلەفیەت بەرهەمبهێنێتەوەوببێتەمایەی پەشێوی دەروونی‌كۆمەلایەتی؟چۆن دەتوانێ فەلسەی ماركس چەواشە بكات, كەدەوڵەمەند بەرۆشنگەری ,دەوڵەمەندە بەئینساندۆستی, دەوڵەمەندە بەئومێدی ئایندە؟ بەلام ماركس راستی ووتووە بورژوازی خۆی گۆڕهەڵكەنی خۆیەتی, دەكرێت لیرەوەبڵێین بۆرژوازی ئەم فەیلەسووفورووناكبیرانە نوینەری‌بن لەنێو زانكۆودانیشگاكانیدا , سەرئەنجام بەرەو گۆڕی تاریكیش پالی پێوە دەنێن. ئەوانەی بەپێچەوانەی تیروانینی وەها فەیلەسوفێكیشەوە بەرەنگاری ماركس دەبنەوەو قسە لەئازادی دەكەن, بەدیوەكەی تردا هیچیان لەم كەترنیە, ئەوانەی بە بای جیهانگیری سەرمەستن‌و دەڵێن سەردەمی دیكتاتۆرەكان بەسەرچووە, خۆیان لەئاست دیكتاتۆرەكانی جیهانی‌نوێ گێل دەكەن‌و دەخوازن لەبری دیكتاتۆر ناوێكی جوانتریان بۆبدۆزنەوە, پروپاگەندەی بورژوازی لەمەڕ ئازادی پروپاگەندەیەكی نوێ نیە لەگەڵ بازاڕی ئازاد هاتبێتە پێشەوە, ئەوهێشتا لەمندالدانی فیودالیزمدا بوو كە بانگەشەی ئازادی

دەکرد, بەڵام ئەوکاتە نەدەسەڵاتی بەدەستەوەبوو نەخاوەنی سەروسیمای دەوڵەتی بوورژوازیش بوو, فەلسەفەی ئەوکاتەی چینی بورژوا روناکبیر وفەیلەسوفی وەك ئەمرۆعەنتیکەو سەلەفی پێویست نەبوو, ئەوسەروەختە چینی بورژوازی بۆ خۆی چینێکی نوێ بوو,شتی واسەیروسەمەرەی بەرهەم نەدەهێنا, لەبەرئەوە قسەی لەئازادی مرۆڤ دەکردو ڕایدەگەیاند کەیاسای کۆنی فیودالیزمو رەوشتوئاکاری کۆمەڵایەتی پێویستیان بەرەتکردنەوەهەیە, ئەوسەروەختە باسی لەخۆشگوزەرانیوچێژ وەرگرتن لەبەهرەوجوانی دەکردو بانگەشەی ئەوەی دەکرد مرۆڤ دەبێت بەخواستوئارەزووی خۆی لە داهێنانە هونەریەکانی خۆی بەهرەمەندبیوبەئارەزووی خۆی لێیان تەسەل بێت, بەڵام ئەمرۆ کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە ئازادی بەجۆرێکی ترپێناسەدەکاتەوەوقالبێکی ئەخلاقی بۆدادەڕێژێتەوە, دەیخاتە چوارچێوەیەکی یاساییەوەو یاساکەش ناودەنێت دیموکراسی, بەڵام لەڕاستیدا هەموو یاسایەکی دەوڵەتی سەرمایەداری دوو دیووی هەیە, دیوێکی دیموکراسیودیوێکی دیکتاتۆری, دێویکی نوێودیوێکی کۆنە پارێزانە دیموکراسی بۆ سەرمایەداران‌و ئەوانەی هۆکارەکانی قازانجیان بەدەستەوەیەو دیکتاتۆریش بۆئەوانەی دژایەتی یاساکانی ئەم ناعەدالەتیە دەکەن, داهێنانە نوێیەکان بۆ چینەداراکان ئەوەی ئیکسپایەریشە بۆئەوانەی لە ئاستەکانی خوارەوە دەژین, بەڵام بەدرێژایی مێژوو هەرئاڵوگۆڕێك کەبەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتووە لەگەڵ خۆیدا گرنگی ئازادیشی هێناوەتەوە پێشێ, واتا لەهیچ قۆناغێکدا مرۆڤ دەستبەرداری ئازادی نەبووە, ئەمرۆش کەلیبرالیزم دەم لەئازادی دەکوتێ بۆئەوەی نیە کۆمەڵانی خەڵك بەرەو بەدەستهێنانی ئازادییەك هانبدا کەیەکسانی کۆمەڵایەتی تێدا پەیڕەوبکرێت, نەخێر بانگەشەی ئازادی دەوڵەت لەرۆژێکی وەك ئەمرۆدا بۆئەوکەسانەیە کەخاوەنی سەرمایەوهۆیەکانی بەرهەمهێنانن, دەنا مرۆڤی بێسەرمایە بەواتای مرۆڤی بێدەسەڵاتدێونەك هەرئازادی پێ ڕەوانابینرێ, بەڵکووەك کۆیلەیەکیش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ, ڕەنگە لەرۆژگارێکی وەك ئەمرۆدا گوناه ترین کۆیلەکانی بەردەستی دەوڵەت ئەوانەبن کەبێ سەرمایەن‌و لەدامودەزگائەعلامیەکانی دەوڵەتدا بەمووچەکاردەکەن‌و هەر رۆژەی بەمەزاجی بەرپرسێك هەڵدەسووڕینرین‌و هەررۆژەی بەنەغمەیەکی سەرمایەداریوبەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەوقسەدەکەن.

سەبارەت بەدواهەمین پرسیارو دەوری مارکسیزم لەسەر چەپی کورد چ لەڕبووردودا چ لەئیستادا ناتوانین گەواهیدەرێکی یاخی بین, چەپ لەکوردستان مێژوویەکی هەیە, چەندە دەوڵەمەندە بەجوانیەکانی خۆی هێندەش ناشرینە بەچەواشەکارییەکانی, چونکە ئەو ئومێدەی لەسەرەتای سەدەی رابووردووەوە,بەروناکبیرە مارکسیەکان سەری هەڵدابوو,بەرلە ڕوخانی شوورەوی لەسۆنگەی تیکەڵەیەك لە ناسیونالیزم‌و مارکسیەکاندا کەنەفت ببوو, ئەمرۆش لەسەردەستی کۆمۆنستی کریکاری بەخاك سپێردرا, بەتایبەتی لەسەرخودی

تێگەیشتن لەماركس‌وبیری فەلسەفی ئەوبیرمەندە لەمەڕمرۆڤوئایندەی مرۆڤایەتی, لەهەموو حاڵەكاندا دەتوانین ئەو ڕاستیە فەرامۆش نەكەین كە چەپ‌وهەموو ئەوحزب‌وگروپانەی بەناوی كۆمۆنیزم‌وماركسیزمەوە هاتوونەتەمەیدانی پراكتیكەوە لەكوردستان, هەژاربوون لەتیۆری شۆڕشگێڕانەدا, وەك نەیتوانیوە خۆی لەقەیرانەكان رزگاربكات ماركسیزمیشی تووشی قەیران‌وشێواندنێكی ترسناك كردووە, وەك نەیتوانیوە خۆی لەقەیران بپارێزی گرفتی گەورەشی بۆخۆی بەرهەمهێناوەوبەهۆیەوە گرفتی بۆجیهانبینی ماركسیزمیش درووستكردووە, دەشێت ئەمە تەنها گرفتی چەپی كورد نەبووبێت, بەڵام هەوڵی خۆچاككردنیشی نەداوە, كەم نەبوون ئەوكەسانەی ناسنامەی شیوعی‌وچەپ‌ودواجاركۆمۆنیزمیان بەبەرۆكی خۆیاندا هەڵواسیوە بەڵام لەڕاستیدا ئەوانەی ناوبانگیان,پێوەدەركرد, كوڕی خەباتی چینایەتی نەبوون, بەڵكو نیازێكی تریان هەبووەوكۆمۆنیزم تەنها هەواوهەوەسێكی رۆشنبیرانەبووەوبای زەمانە ڕەوانەی ناو گروهێكی بەناوكۆمۆنیستی كردوون, سایان هاتووە حزبێكی كۆمۆنیستی دامەزراندووە, بەڵام خاڵی لەبیری فەلسەفیانەی ماركس, هەراوغەڵبەغەڵبی بەناوی ململانێ چینایەتیەكانەوە ناوەتەوە, بەڵام بەبێ تێوری شۆڕشگێڕانە, دامەزراندنی‌حزبی كۆمۆنیستی ڕاگەیاندووە, بەڵام بەبێ بەرنامەی سیاسی! بێئەوەی میكانیزمەكانی دامەزراندنی مسۆگەركردبێ بەبەیان نامەیەك هەموو شتێكی براندووەتەوە!!! بەبێ زانیاریەكی گشتگیر لەسەرماركس‌و تێزەفەلسەفیەكانی ماركس, ئێمە ئەو راستیە دەزانین, كەبیری ماركس دەمێكە لەناو بونیادی رۆشنبیری كۆمەڵگەی ئیمەدا هەیە, وەك پرۆسەیەكی رۆشنبیری بۆ ئەڵتەرناتیڤ گەڕاوەوفاكتەرێكی چالاكیش بووە بۆهوشیاری كۆمەڵایەتی‌وبەرهەمهێنانی ڕەوشت‌و نەریتی نوێ, بەداخەوە بەوحاڵەشەوە كەكۆمەڵگای كوردی كۆمەڵگایەك بووە دین رۆڵی تێدا گێڕاوە, هێشتا لەسەردەستی پیاوانی ئاین‌ورۆشنبیرانی ئاینیەوە ئەو گورزەكوشندەیەی نەخواردووە, كە ماركسیەكان خۆیان لەكۆمۆنیزمیان وەشاندووە, دەتوانین بڵێین لەكوردستان كۆمۆنیزم كەم ترین شەڕی فیكری دەرهەقكراوە, كەمترین هێرشی كراوەتە سەر, بەڵام ئەمە بەومانایەنیە كە ماركسیزم لەكوردستان بێ تۆمەت‌وبێ تەشهیرو بێ هێرشی چەكدارانە بەڕێوە چووە, نا ئەمە بۆیە باس دەكەم كە بڵاوبوونەوەی فكری ماركس تاڕادەیەكی باش زەمینەی لەباری هەبووە, بەڵام حزبەكانی بەناویەوە چالاكییان نواندوە لەڕادەبەدەر خەمساردوو بێ ئیرادە بوون , ئەوان هەرگیز ئەوەیان بەلاوەگرنگ نەبووە, كەدێت, بەڵكو ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بووە, ئەوەی كەهەیە نابێت بڕوات, ئەمەش ڕاستەو ڕاست پێچەوانەی یاسای دیالەكتیكی ماركسە, ئەونوخبەیە لەماركسیەكان جیهانبینیان وابووە كە حزبیان لەكۆمەڵگا بەلاوەگرنگتربووە, ڕابەرێتی سەرەوەی حزبەكەشیان لەقاعدە بەلاوە گرنگتربووەو لەم جیهان بینیەشەوە, ئومێدیان بەئایندە لاوازویان هەرلەجێگەی نەبواندابووە, بۆیە قایل بوون

بەوەی کە ئەمرۆ هەیە, کەچی وەها تێڕوانینێك بەكردەوە دەیانخاتە بەردەم مەحەکی ڕۆژگارو گۆڕانکاریەکان پێیان دەسەلمێنێت, زەخیرەی تۆ دەبێت سبەی ئامادەبێت, ئەگەرنا ئەوەی ئەمرۆشت لەدەست دەچێت, ڕەنگە حزب وگرووپەکومۆنیستیەکانی کوردستان بەهەزاران تەن دیکۆمینتی نوسراویان لەبابەتی بەیاننامەونوسراوی ناوخۆیی وبلاوکراوەی جۆراوجۆر بەردەستبکەویت, بەلام تاکوئیستا بەشێکی سەرمایەی مارکس لەسەر دەستی ئەوان وەرنەگێڕدراوەتە سەرزمانی کوردی! ئەمە بەتەنها ئیشکالی خەم ساردی نیە, بەلکو بەشێکی زۆریشی هەژاری ڕۆشنبیری‌یەلەلایان, بەداخەوە مارکسیەکان لەکوردستان, هەرگیز نەبوونە ئەو روناکبیرەگەورانەی بەقولی ڕاقەی بیری مارکس بکەن, بەپێچەوانەوە ئەوان لەناوبارەگانی حزب ولەناوکۆنگرەوکۆبوونەوەی شانە حزبیەکاندا, لە بۆنە نیشتمانیو تەنانەت لە پرسەکۆمەلایەتیەکانیشدا خەریکی وەعزدان بوونو جێگەی مەلاوپیاوە ئاینیەکانیان گرتبووەوە, بۆیە سەیرنیە کاتێك دەبینین, لەکوردستان هەندێك لەکۆنە کۆمۆنیستەکان,نازناوی مەلایان لەخۆیان ناوەوتەنانەت زیادەرۆیش نابێت ئەگەر بلێین, لەراستیدا تەنها مەندیلەکانیان لەسەریان فرێداوەوهێشتا جبەی دینداریان لەبەر خۆیان دانەکەندووە, هێشتا پێیەکیان لەناوبارەگای حزبەکانیاندایەوپێیەکیشیان لەناو حەوشەی مزگەوت, ڕۆژێك لەمایکرۆفۆنی حزبەوە یادی لینین دەکەنەوەو ڕۆژێکی تر بەجل وبەرگی جەژنانەوە ئامادەی (مولودالنبوی)یەو لەڕیزی پێشوازیدا وەستاوە! من تاڕادەیەکی باش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کەدەڵێت: کۆمۆنیستەکانی کوردستان سەدەیەك لەدوای بەشەرییەتەوە بیردەکەنەوە. دواجار من بڕوام بەئایندە هەیە بۆ بەشەرییەت, ئومیدم هەیە بەوەی مرۆڤایەتی هەلدەستێتەوەو دەگەڕێتەوە سەرڕیگاکانی بنیادنانەوەی خۆی, بەلام هەرگیز بڕوام بەوەنیە کۆمۆنیستەدۆگماییەکانی ئەمرۆی کوردستان بتوانن دەورێکی ئەکتیف لەوهەلسانەوەیەدا بگێڕن, هەرگیز ناتوانێ نوێنەرایەتی بیری‌مارکس بکات, چونکە دواجار مارکسیش پێویستی بەخوێندنەوەی نوێ هەیە, بەو بڕوایەشمەوە مارکسیزم پیرنابێ و ڕۆلی ڕۆشنگەرانەی خۆی وون نەکردووە, بەلام مارکسیەتیش تیزێك نیە هەموو حەقیقەتەکانی لاکۆبنەوە, بەلکو یەکێك لەجوانیەکانی مارکسیزم ئەوەیە, دەگەڕێتەوە سەربەرژەوەندی گشتی' دەگەڕێتەوە سەر هووشیاری چینایەتی‌وپشت بەفەلسەفەی زانستی دەبەستێ, ئومیدی بەڕۆلی بنیادنەرانەی مرۆڤ هەیەولەهەمانکاتیشدا خۆی ئۆمێد بەخشە, دواجار هەرمرۆڤیشە دەبێت مارکسیزم بەبیری مرۆڤدۆستانەی خۆی بخوێنێتەوەو دەولەمەندی بکاو ڕەخنەی لیبگرێ, بۆیە بڕوام وایە هەرزانستێکی نوێ بۆسەر خەرمانی زانیاریەکانی مرۆڤولەبەرژەوەندی مرۆڤایەتیدا, دەستکەوتێکی ترەو دەچێتە سەر فەلسەفەی زانستیانەی مارکس.ئایندەش هیی مرۆڤایەتیە .

سەرچاوەو پەراوێزەکان :

( * ) گوێگرە پیاوی بچووك ولیێم ڕایش وەرگێرانی كوردی

بەختیار عەلی لەسەلەفیەتی چەپەوە بۆسەلەفیەتی راست.گۆڤاری رەهەند ژمارە 16—17 .

لينين عن الدوله.

ئەریك فرۆم بەناوی ژیانەوە.

ئەریك فرۆم مرۆڤ لەروانگەی ماركسەوە. وەرگێڕدراوی كوردی.